# بەسەربردنی ژیان لای کۆچەرییەکان لە دەڤەری حاجی ئۆمەران







ناحیەی حاجی ئۆمەران یەکێکە لەو ناوچە شاخەویانەی کە ١٨٠ کیلۆمەتر لەشاری هەولێر دوورە هاوینان خێڵەکان بۆمەبەستی کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕو ماڵات ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن. بە بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی خێڵەکان سەردانی ناوچەی حاجی ئۆمەرانمان کرد.

کاتێك گەیشتینە حاجی ئۆمەران سەرەتا چاومان کەوت بە پیاوێك کە ناسرابوو بە (مام زرار) زۆر بەدڵێکی خۆشەوە پێشوازی لێکردین و وتی دەبێت بێن و بچینەماڵی من بۆ ئەوەی کۆمەڵێك قسەتان بۆبکەم و ماستاوێکی سارد بخۆنەوە، ماڵی لەژێر ڕەشماڵدا بوو.

هەرکە چووینە ماڵەکەی و دانیشتین مام زرار بانگی منداڵەکانی خۆی کرد بۆئەوەی پێشوازیمان لێبکەن. دواتر باسی ژیانی خۆی بۆکردین و وتی :تەمەنم ٥١ساڵەو لەساڵی ١٩٧٧ ژیانی هاوسەریم بەخۆشەویستی پێکهێناوە، هاوسەرەکەم بەناوی خەدیجەیە، ئێستا خاوەنی ٩ منداڵین. ئێمە خۆی ماڵمان لەڕانییەیە، لەوێ خانووی خۆمان هەیە ساڵانە لەمانگی پێنجەوە دێینە ئێرە تاکو کۆتایی مانگی نۆ بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بکەین و هەروەها بۆ بەخێوکردنی مەڕوو ماڵات.

**کاتێك بینیم بووك لەسەر ئەسپ بوو وتم ئەوە هات خەجیج بۆلام**

مام زرار دەڵێت «ئەو کاتە سەردەمی ژن بەژنی هەبوو وەکو ئێستا نەبوو کچ و کوڕە ڕازی بن بۆیەکتربن،سەرەتا باوکم رازی نەبوو کچی بدات بەوان، تاوەکو ژن بەژنی بکەین و بۆ ئەوەی خەدیجەم بدەنێ چونکە باوکم خۆی لەوان بەگەورەتردەزانی، بۆی نەدەهێنام لە کۆتاییەکەی من خوشکێکی گەنجی خۆمدا بە مامێکی پیری خەدیجە. ئەوکات ماڵمان لە گوندێك بوو ناوی (میر سەید) بوو ئەو رۆژە من لەگەڵیان نەبووم کە چوون بووکیان هێنا تەنیا ڕیشی خۆم تاشی و چوومەوە لای حەیوان بۆ شوان کردن، لە دوورەوە لەسەرگردێك وەستابووم، بینیم بووکیان هێنا. بە سواری ئەسپ و تەقەیان دەکرد ئەوکات تەقەی برنۆی دەکرا و چەند کەسێك بەسواری ئەسپ بەدوای یەك دەڕۆیشتن و بووك لە ناویان دیار بوو، بەجلی سور و زەرد سواری ئەسپ ببوو، بۆ لای من دەهات، منیش دڵم زۆر خۆش بوو وتم هات خەجیج، ئێوارە گەڕامەوە کە لەبن ڕەشماڵ بووکیان بۆم ئامادەکردبوو وتم یاخوا بەخێربێ خەجیج.

خەجیجە ئیبراهیم هاوسەری مام زرارە دەڵێت» ئێمە هەر لەسەرەتاوە لە خانەوادەیەکی قەرەباڵغ بووین و خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بووین، کاتێك ژیانی هاوسەرگیریم کرد و بە ئەسپ و ماین منیان گواستەوە، بە جلی کوردی سپی و زێریکی زۆرم لەبەر کردو تولەیەکی سوورم لەسەر دانرا بوو

**عاشقایەتیەکەی وەکو شیرین و فەرهاد بوو بەلایەوە**

ئەو پیاوە باس لەوە دەکات کە چەندە عاشقی ژنەکەی بووە، بەقسەی خۆی زۆر ماندوو بووە تاپیانداوە، بەڵام پێش ئەوەی ژن بێنێت چەند ساڵێك عاشقی بووە، ئەو پیاوە عاشقاتی خۆیان وەکو شیرین و فەرهاد پێناسەدەکات کە ئەوەندە عاشقی بووە نەیتوانیوە بیبینێت و قسەی لەگەڵ بکات، تا ئەوکاتەی هێناویەتی .

خەدیجە وەك باسی دەکات و دەڵێت:

بەیانیان زوو هەڵدەستین لەگەڵ نوێژی بەیانی منداڵەکانم و مەڕەکان دەبەین بۆشاخ و منیش سەماوەر پێدەکەم و و چایی بۆ منداڵەکان لێدەنێم و نانیان پێدەدەم دواترتا نیوەڕۆ خەریکی دروست کردنی پەنیرو ماست و کارکردنی ناو ماڵ دەبم، دوای ئەوە نیوەڕۆ دەگەڕێینەوەو مەڕەکان دێنینەوەو ئێنجا مەڕەکان دەدۆشم، دووبارە پەنیری لێ دروست دەکەین بەشێکی لۆخۆمان لێ دەگێرینەوەو ئەوەی تر دەفرۆشین.

**پاسەوانەکان بوونەتە هۆی ئەوەی بێزارمان بکەن**

ئەو شوێنەی مام زرار لێی دەژیت و مەڕەکانی لێ بەخێودەکات دەکەوێتە سەر سنووری ئیران کە لەو شوێنە خەڵکێکی زۆر کوردی ڕۆژهەڵاتن کەلوپەل دەگوزانەوە بۆ ناو وڵاتی ئیران لەسەر ئەو سنوورە، پاسەوان هەیە کە عەجەمن، ئەو پاسەوانانە بوونەتە هۆکاری بێزارکردنی ماڵی مام زرار کە ڕێگا لە ئاژەڵەکانیان دەگرن و ناهێڵن بۆ هەموو شوێنێکی ببەن و پێوەندی بە ئاسایشی حاجی ئۆمەران دەکەن و سکاڵا لە مام زرار دەکەن، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کاریگەری لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵەکان دروست بێت و بێزارمان دەکەن.

**توندوتیژی بەرامبەر بەژن باوی نەماوە**

سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بەژنان مام زرار وتی « ئێمە لێرە هیچ کێشەی توندوتیژمان نییە، لەگەڵ ئافرەتەکانمان وەکو پێشوو نەماوە، چونکە جاران ئەگەر کچێك بیووتبایە شوو بە کوڕێك دەکەم بەدڵی خۆم بێت، ئەوە خەنجەرمان لەسەر ملی دادەنا. بەڵام ئێستاوەکو ئەو کات نەماوین تێگەیشتوو بووین گوێ لە داواکاری کیژەکان و ژنەکانمان دەگرین. مام زراربەنموونە باس لەوەدەکات کاتێك کوڕەکەی عاشقاتی کردووە، ئەوان ڕازی نەبوونە بچنە خوازبێنی ئەو کچە چونکە خوێندنی هەبووە بەڵام کچەکە وتویەتی ئەگەر نەیەنە خوازبێنیم خۆم دەسووتێنم، مام زراریش دەڵێت کاتێك بینیم کوڕەکەمی ئەوندە خۆشدەوێ بەسێ ڕۆژ مارەمان کردو گواستمانەوە بە دەهۆڵ و زوڕنا، ئێستا وای لێهاتووە هەموو کچێك و کوڕێك بەدڵی خۆیان ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنن.

**دڵم دەچێتە سەر هەموو کچێك**

مام زرار وەك باسی دەکات و دەڵێت « دڵم دەچێتە سەر هەموو کچێك، من ژنێکی ترم هێنا ئەو کات ماڵمان لە شاری بوو، هەر لە کۆڵانی ئەوان دەسوڕامەوە، دوای ئەوە بە











حەفت مانگ هێنام و تەڵاقیشمدا، چونکە هەر خەجیجم خۆشدەویست .

**هەندێك جار دڵ پیسی لەمێردەکەی دەکات**

خەجیج ئەوە دەخاتەڕوو کە هەندێك جار دڵپیسی لە زرار دەکات بەتایبەت ئەوکاتانەی کە بە مۆبایل قسە دەکات، بەڵام دەڵێت جارێك ژنی هێناوە بۆیە ترسم لەسەر نییە کەجارێکی تر ژن بێنێتەوە.

**کەخۆم دەڕازاندەوە ئەوکات خەجیج زانی ئاشق بوویمە**

مام زرار لەبارەی ژنی دووەمی دەڵێت «کە ژنم هێناوە ئەوکات من هەر خۆم جوان دەکردو دەچوومەبازار ئینجا خەجیج ئەوکات زانی من ئاشقی ژنێکی ترم. خەجیج گەڕایەوە ماڵی باوکی چوومەوە بە دوایدا و هێنامەوە، پەنیریشم لیان وەرگرت بۆ ژن هێنانەکەم .

**بەمۆبایل ئاشقایەتی دەکات**

ئەو پیاوە دەڵێت : تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هیوایەتم ژنی جوانە، زۆرجار بە مۆبایل ئاشقاتی دەکەم و داوای خۆشەویستی لە ژنان دەکەم و بەتایبەت ژنەکانی سەر سنوور زۆر جوانن هەندێکجار ڕازی دەبن و هەندیکجار ڕەفزم دەدەنێ.

**بە هیچ جۆریك قبوڵم نییە کچەکەم حەزحەزۆکێ بکات**

مام زرار لەبارەی ئەوەی گەر کچەکەی خۆشەویستی بکات وتی» بە هیچ جۆریك قبوڵم نییە کچەکەم حەزحەزۆکێ بکات و لەبن سەری من خەریکی دڵداری بێت، بێ ئەوەی من بزانم، بەڵام ئەگەر کچەکەم کوڕێکی خۆشویست، ئەوە بابێت بە دایکی بڵێت بۆ ئەوەی من ڕازی بم و کچەکەی خۆمی بدەمێ.

**حەزم بەژیانی شارە نەك ژیانی خێڵایەتی**

بەشدار زرار تەمەن ٢٧ ساڵە خوێندنی واز لێهێناوەو لەگەڵ باوکی کاردەکات، ئەو گەنجە بیرکردنەوەی پێچەوانەی باوکیەتی ئارەزووی لەو جۆرە ژیانە نییە و دەڵێت» لە منداڵییەوە لەو جۆرە ژیانە دەژیم، زۆر ئارەزووی ژیانی شاردەکەم؛ ئەگەرچی لێرە لەڕووی تەکنەلۆژیاوە هەمووشتێکمان هەیە وەکو ئەنتەرنێت و تەلەفزیۆن، بەڵام من وەکو خۆم هەر حەزم بە ژیانی شارە»

**شەوانە کاتی ئەوەمان نییە سەیری تەلەڤزیۆن بکەین**

چنار عزیز دانیشتووی حاجیەوە چوار ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، خاوەن یەك منداڵە بەهۆی ئەوەی شووی کردوە لەگەڵ ماڵی خەزووری لە حاجی ئۆمەران لە ژێر ڕەشماڵەکان ژیان بەسەردەبات و ماڵی خەزووری خەریکی چاندنی تەماتەو خەیار و کولەکەن ئەو ژنە دەڵێت» سەرەتا زۆر ناخۆش بوو کە لەگەڵ مێردەکەم بێمە ئەو شوێنە بۆ کارکردن بەڵام ئێستا فێربوومەو ڕاهاتووم، زۆرم حەز بەو ژیانەیە، ڕۆژانە من خەریکی کارکردن و چێشت لێنان دەبم تا ماڵی خەزوورم و هاوسەرەکەم دەگەڕێنەوە، دوای ئەوە دووبارە دەست بە چاندن دەکەنەوە، شەوانە زوو دەخەوین بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە هیلاك و ماندوین کاتی ئەوەمان نییە خۆمان بە تەلفزیۆن و ئەو بابەتانەوە خەریك بکەین.

# ژنێکی دووگیان دەخنکێندرێت و فڕێدەدرێتە بیرێکەوە

نووسراوێك لە لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە ٢٠١١/٥/١٩ ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کوشتنی ژنێك کە کۆرپەلەی لە سگی بووەو خنکێندراوە .

کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵە لە ١٢ ساڵی بەشوو دەدرێتە کوڕە مامێکی، دوای ئەوە باوکی بە تەڵاقدانی دەدات و لەلایان کەسوکاریەوە لە ساڵی ٢٠١٠ دەکوژرێ وبەدووگیانی فڕێدەدرێتە بیرێکەوە لە گوندی سەید ئەمین ئێستا بە نووسراوێکی ڕەسمی دەستەی لیژنەی ژنانی پەرلەمان لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکات.

***

### جووتە گوارەو وێنەکەم داوتە کوڕێك

کچێك بە ناوی (پ،خ،ر) لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە لە کوڕی مامێکی بەناوی (ن) کە پیشەی کرێکارە مارەدەکرێت و دەگوازرێتەوە دوای ئەوە ماوەیەك پێکەوە دەژین و کچەکە دووگیان دەبێت و ناڕەزایی (پ) بەرامبەر (ن) دروست دەبێت، باوکی (ن) تەمەن ٤٤ ساڵە شوفێری تاکسیە دەڵێت» کوڕەکەم لەگەڵ کچی مامی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا کێشەیەکیان نەبوو دوای ئەوە ڕۆژێك بووکەکەم گوارەی بزردەکات و کوڕەکەم لێیدەپرسێت و ئەویش دەڵێت: جووتە گوارەکەو وێنەیەکی خۆم داوەتە کوڕێك، پاشان (پ) ئەو بابەتەی لای (ب) خوشکی باس کردبوو دوای ئەوە هەواڵەکە گەیشتبووە باوکی و ڕۆژێك باوکی هات (پ)ی لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵی خۆی لە دیبەگە، ئەوکات من و خێزانەکەشم لەگەڵیان چووین بۆ ئەوەی ئەزیەتی (پ) نەدات، دوای ڕۆژێك من و خێزانەکەم هاتینەوە، (پ) لە ماڵی باوکی مایەوە چونکە باوکی ڕازی نەبوو بەگەڕانەوەی، لەدوای سێ ڕۆژ من و خێزانەکەم دووبارە ڕۆیشتینەوە ماڵی براکەم بۆ ئەوەی بووکەکەم بگەڕێنمەوە،بەڵام هەر ڕازی نەبوو دوای ئەوە باوکی تەلەفۆنی بۆ کوڕەکەم کرد، ئەویش چوو بۆ ماڵیان ناچاری کردبوو کە کچەکەیان تەڵاق بدات، دوای ٣ مانگ لە تەڵاقدانی (پ) کوڕەکەم ژنێکی تری هێناو ئێمە لەو کاتەی ئەو ژنە تەڵاقدراو هیچ پێوەندییەکمان لە نێوان نەماوە»

### خاوەن ٧کوڕیش بم لەگەل مێردەکەم ناژیم

دایکی (ن) ژنی ماڵەوەیە، تەمەنی ٤٥ ساڵانە دەڵێت» لە ساڵی ٢٠٠٨ بوو ئێمە هاوسەرگیریمان ڕێکخست بۆ کوڕەکەم لەگەڵ (پ) ئامۆزای سەرەتا هیچ کێشەیەکیان نەبوو، دوای ئەوە بە کوڕەکەم رازی نەدەبوو، چونکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی تر هەبوو، نازانم ناوی چی بوو، چونکە جووتە گوارەی بزربووبوو کە پرسیارمان لێ کرد وتی لەگەڵ وێنەکەم داومەتە کوڕێك هەروەها پ بەمنی وت ئەگەر خاوەنی (٧) کوڕیش بم ناتوانم لەگەڵ مێردەکەم بژیم، بەڵام دوای ئەوە باوکی بەو کێشانەی زانی و هات کچەکەی خۆی بەتووڕەیی بردەوەو هۆکاری توڕەبوونەکەشی ئەو جووتە گوارەیەبوو کە دایبوو بەو کوڕەی پێشوو، کە پێوەندی هەر لەگەڵ مابوو، ئەو کات ئێمە سکاڵامان تۆمار نەکرد، چونکە وتمان کێشەکە بەڕێگای عەشائیری چارەسەر ئەکەین، ئێمە چەند جارێك چووینەوە داوامان کرد بگەڕێتەوە، باوکی هەر ڕازی نەبوو بیگەڕێنێتەوە تا کچەکەی خۆی بە تەڵاقدان دا لە کوڕەکەم، لەو کاتەوە ئێمە هیچ پێوەندیمان بە (پ) نەمابوو هاتووچۆشمان نەمابوو»

### دایکم وتی لەگەڵ کوڕێك لە بەردەرگا قسەدەکات

هاوسەری (پ) پیشەی کرێکارە دانیشتووی گوندی قەتەویە (ن،ف،ج) کە ئامۆزای خۆی خواستوە دەڵێت» مام واتە خەزورم ئەو ڕۆژە بۆیە هاتبووە ماڵمان چونکە من تەلفۆنم بۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئامۆژگاری کچەکەی بکات کەچی هات کچەکەی خۆی بردەوەو بەتەڵاقدانی دا» ئەو کوڕە دەڵێت» لە ڕاستیدا من خۆم هیچ ڕەوشتێکی گوماناویم لە ژنەکەم نەبینی بوو، بەڵام دایکم چەند جارێك ئاگاداری کردمەوەو ئامۆژگاری دەکردم کە واز لەو ژنەم بێنم چونکە چەندجارێك لەبەر دەرگا لەگەڵ کوڕێك قسەی کردوە، جووتە گوارەکەشی پێداوە، ئەوکات خێزانەکەم دووگیان بوو منیش پێمگوت دەبێت ئەو منداڵەت هی من بێت!! ئەو کات سکی پێنج مانگ بوو بەڵام باوکی هات بردیەوە ماڵی خۆیان، ئەگەرچی دایك و باوکم و خۆشم چووین بۆ ئەوەی بیگەڕێنینەوە بەڵام باوکی رازی نەبوو، دوای ماوەیەك من هەواڵی کوشتنی (پ) لە (س) خەسووم گوێ لێبوو کە ژنەکەم کوژراوەو بەدەستی باوکی و گوێبیستیش بووم کە کەسێکی تر دەستی لە کوشتنەکەیدا هەبووە بە ناوی (ص،ر) ئیتر هیچ زانیاریم نییە لە کوشتنی ئەوکچە و ئاگاداریش نیم کە چۆن کوژراوە»

### کوشتیان و فڕێیانداوەتە بیرێکەوە

لە ٢٠١١/٦/٨ شاهێدێك چەند وتەیك دەدات بە نهێنی و ڕازی نابێت ئاشکرا بکرێت وزانیاری هەیە دەربارەی کوشتنی ئەو ژنە و دەڵێت « بەر لە کوژرانی (پ) لەگەڵ پیاوێك گیراوە بەڵام کەسوکاری (پ) پیاوەکەیانجێهیشتووەو نەیانکوشتوە دوای ٣ ڕۆژ کچەکەی خۆیان کوشتووە» ئەو کەسەی شاهیدی بەنهێنی دەدات و دەڵێت» بەگوێرەی زانیاریەکانی خۆم هەریەك لە باوکی و لەگەڵ ٤ ئامۆزای تری بە ناوی (ش، ب، ف، ب) لەگەڵ چەندین کەسی تر لە خزم کەسوکاری کە ناوەکانم لە یاد نییە دەستیان هەیە لە کوشتنی (پ) ڕووداوەکەی بەباشی لەیادم نییە، بەڵام دەزانم ناوبراویان بردۆتە گوندی (سەید ئەمین) لە ناحیەی گوێڕ لە مەخمور لەوێ خنکاندویانە هەر لە بیری گوندی سەید ئەمین فڕێیانداوە.





# دەستگرتن بەسەر باندێکی لەشفرۆش کە لە رێی ئینتەرنێتەوە دامەزراوە

لەو کاتەوەی سیستمی جیهانگەرایی هاتۆتە ئاراوە، ئینتەرنێت کاراترین کەناڵی کۆمۆنیکەیشنە، هەرچەندە سەرەتا لە شەڕی ساردا لە لایەن ئەمەریکاوە ئەم تۆڕە جاڵجاڵۆکەییە بە مەبەستی هەژموونگەرایی سەربازی دامەزرێنرا، دواتر بازنەی بەکارهێنانی فراوان بوو، ئەمڕۆش ئینتەرنێت بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ کۆمەڵگە، دنیای خستۆتە ناو شووشەیەکی شەفافەوەو لە کەمترین ماوەدا و بە تێچوونێکی هاکەزایی و بێ چاودێری و فلتەرو سانسۆر، مرۆڤ دەتوانێت تەیمانی ئەمسەر بۆ ئەو سەری جیهان بکات، ئەم کەناڵە مەڵتی میدیایە وەك تەلەڤزیۆن نییە کە بە تەنیا وێنەو داتاو کەیسی زانیاری لێ وەربگیرێت، بەڵکو دەتوانرێت بەهۆیەوە بیرو حەزو شتەکانی خۆت بدەیت یان ببەخشیت، ئیتر وەك زۆربەی ئامرازەکانی دیکەی زانستی وایە، کەسانێك هەن بۆ کاری جوان و جوامێرانەو باش جڵەوگیری دەکەن یان لەبڵاوکردنەوەی وتەو کردەو بیری سوودبەخشدا بەکاری دەهێنن، هەشن دەیکەنە ئامرازێك بۆ پیلانگێڕی و تۆقاندن و بە داوەوەکردنی خەڵکی و پێشێلکردنی ئازادی خورەوشتی گشتی کۆمەڵگە و تاد..

چ بە بڵاوکردنەوەی بێ ئابڕوویی و تانەو تەشەرلێدان و داوێن پیسی یان بۆ بەفاقەوەکردنی کچان و کوران بەبزواندنی سێکسی لەژێر ناوی پێوەندی خۆشەویستی و گەڕان بە دوای هاوسەرگیریدا...

زۆربەی وڵاتانی دنیا بە ئەمەریکاشەوە لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ نەهێشتنی خراپ سوودوەرگرتن لەم ئامرازە، وەك چۆن ساڵێکیان سیناتۆر (ئێدوار کینیدی) ڕایگەیاند (( پێویستە لەسەر وڵاتان کۆنترۆڵی باری سێکسی بکەن لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، وەك چۆن کار بۆ ڕێنمایی کردنی نەهێشتنی تیرۆر دەکەن..))

ناهەمواری و تەشەنەسەندنی تاوانە سێکسییەکان لە جیهاندا، پسپۆرانی (یۆنسکۆ)ی هاندا، ساڵی ١٩٩٩ لە ڤیێنا کۆنگرەیەك سازبکەن تا هاریکاری وڵاتان بێت بۆ ڕاگرتنی ئەو تاوانە سێکسییانەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە منالانی خوار تەمەن ١٨ ساڵی تێدا دەبنە قوربانی، تەنانەت لەسەر ئاستی باڵاوە هەندێك لە حکومەتەکان لەگەڵ مایکرۆسۆفت و گۆگڵ بە نهێنی دادەنیشن تا چەند پێگەیەك لۆك بکەن یان فیلتەریان بۆ دابنێن یان دەرەنگانێکی شەو بکرێنەوە، بە تایبەت ئەو پێگانەی کە وارِسکی ئیباحی لە ناخدا دەچێنن، منالان و هەرزەکاران بۆ کاری سێکسی لابەلا دەبزوێنن و لە ناو کۆمەڵگەدا بە تایبەتی لە کۆمەڵگە موحافزکارەکاندا کەتن و تاوانی لێ دەکەوێتەوە..

دۆسیەی ئەم جارەمان تایبەتە بە قەزییەی ئافرەتێك کە ئێستا لە زیندانەو بە داخەوە بە تاوانی لەشفرۆشی بۆ ماوەی دوو ساڵێك بەندکراوە، کە لێرە یەکەمین قوربانی چەتەگەری سۆزو عاتیفەی سەر ئینتەرنێتە، ئەم ئافرەتە هەرلەوەتەی شووی کردووە، شەش ساڵان منداڵی نەبووەو مێردەکەشی بۆ کاسپی زۆربەی کاتەکانی بەسەفەری وڵاتانەوە بووەو دواتریش ژنی دووەمی هێناوەتەوەو بە تەواوی ئەم خانمەی لە ڕووی سۆزو عاتیفەو پێداویستی جەستەییەوە فەرامۆش کردووە، تەنیایی بەردەوام و خووگرتن بە ئینتەرنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بووەتە پیشەی ڕۆژانەی؛ تا لەو ڕێگەیەوە بەدوای گەرم و گوڕی ئەو حەزوسۆزەدا بگەڕێت کە پیاوەکەی لێی بڕیوە، بە مەسیج و چاتکردن زۆر هەرزەکارو گەنجی کردۆتە هاوڕێی خۆی و جار هەبووە شەو تا بەیانی بەردەوام لە پێوەندیدا بووەو تا پیاوێك بە ناردنی شیعرو وێنەو نامەی دڵدارییەوە زۆرترین کاتی بۆ تەرخان کردووەو ئەمیش بەو پیاوەوە گرفتار بووەو زۆر لە نهێنیەکانی ژیانی خۆی و مێردەکەی بۆ درکاندووە ..

دوای ماوەیەك ئەو پیاوە داوای لێ کردووە کە ئامادەیە ئەو بۆشاییە ڕۆحی و عاتیفیانەی بۆ پڕ بکاتەوە کە هەیەتی دواجاریش قەناعەتی پێ هێناوە تا بێت و لە نزیکەوە، هەر لە ماڵی ئافرەتەکە خۆی، لەو کاتانەی مێردەکەی لە سەفەر دەبێت یەکتری ببینن، ئیتر ئەم پیاوە هەموو جۆرە شێوازێکی دەروونی و فروفێڵێکی خۆی بە پلانەوە خستۆتەگەڕ تا قەناعەتی پێ هێناوە، بە ڕێگەی ناشەرعی سێکسی لەگەڵدا بکات، پاش تێپەڕینی چەند مانگێك، هەرچۆنێك دەبێت، بە وەرگرتنی ناوونیشانی ماڵ و گەیشتنی پیاوەی قۆرخکار بە ئافرەتەکەو فریودان و ڕازی کردنی بۆ ناو جێی خەوتن و وێنەگرتنی بە نهێنی لە کاتی خەوتندا و ئیتر دواتر کە لێی تێر بووە، بە ناوی هاوڕێیەتییەوە بە کابرایەکی تری ناساندووە، ئەویشی پێ فێرکردووەو بە هەردووکیانەوە کردویانەتە کاڵایەك بۆ پەیدا کردنی پارەو پوول و دامرکانەوەی چڵێسی..

کاتێك ئافرەتەکە لەم هەوەسبازی و خەونە سەرەڕۆو تووشەی خۆی بەخەبەردێتەوە، ئینجا دەزانێت کە چەند ساویلکانە لە ئینتەرنێتەوە هەڵخەڵەتێنراوە، بەڵام چی بکات، تازە کار لە کار ترازاوەو، هەم لە لایەن گەڕەك و هەندێك لە کەسوکاری مێردەکەیەوە گومانی خراوەتەسەرو هەم لە لایەن پیاوەکەوە گوشاری زیاتری بۆ دێت تا بەردەوام بێت لەگەڵ خۆی و برادەرەکەیدا کە هەردووکیان بوونەتە شەریکە بەش و ئەمیان کردۆتە کۆمپانیا تا غەریزەکانی خۆیانی پێ دامرکێننەوەو جاربەجاریش لە ڕێی لەشی ئەمەوە دەخیلەکەیانی پێ پڕ بکەن..

پۆلیس لەوەڵامی شکایەتی بەردەوامی کۆڵان و دواتر برایەکی مێردەکەیدا بەسەر ماڵی ئافرەتەکەدا دەدەن و جگە لەو دووداوێن پیسەی لەگەڵی خەوتبوون، گەنجێکی هەرزەکاریش لەوێ دەگرن و دەست بەسەر مۆبایلی پیاوەکەشدا دەگیرێت کە چەندین گرتەی ئیباحی خۆی لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا تێدا تۆمارکردبوو، بەناوی باندی لەشفرۆشییەوە هەموویان دەدرێنە دادگا و چارەنووسی ئافرەتەکەش لە پشتەوەی شیشە ڕەقەکانی زیندانەوە تاریك بووە.


# لەپێناوی خۆشەویستی کچێک خۆی دەسووتێنێت

**گوڵان- دهۆك/ محەمەد عەبدولعەزیز:**

کچێکی تەمەن ٢٠ساڵانە لەبەرئەوەی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، خانەوادەکەشی ڕازی نەبوون و زۆریان لێکردووە بەتایبەتی مامی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوەو گیانی لە دەستداوە.

سەمیر یوسف کە کەسێکی نزیکی خانەوادەی ئەم کچەیە رایگەیاند: لەم حەفتەیەدا کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵانە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، هەروەها وتی: هۆکاری خۆ سووتاندنی ئەم کچە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو و باوکیشی چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام مامی ڕێگر بوو لەوەی ئەم کچە لەگەڵ خۆشەویستەکەی ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنێت، بۆیە ئەویش وەك کاردانەوەیەك دژی هەڵوێستی مامی بڕیاریدا ئاگر لە جەستەی بەربدا و کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.

ئەو کەسە ئەوەشی ڕاگەیاند کە کچەکە بەر لەوەی گیان لە دەست بدات بەکەسوکاری خۆی وتبوو: من لەبەر ئێوە خۆم کوشت، چونکە مامم ڕازی نەبوو بە مرازی خۆم بگەم.





# کوڕێک هەڕەشەی ناوزڕاندن و کوشتن لە کچێک دەکات

لە بنکەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵە بەناوی (ە،ع) کە کچی ماڵەوەیە لەلایەن کوڕێکەوە بەردەوام هەڕەشەی لیدەکرێت و بڕێك پارەشی لێ سەندووە.

(ە،ع) سکاڵای لە (س،ئ) لە بنکەی پۆلیس کردووە بەوە تاوانباری دەکات کە ماوەی ١١ مانگە ژیانی لێ تاڵ کردووە لەبەر ئەوەی پێشتر ماوەیەك پێوەندی خۆشەویستییان هەبووە و بەڵێنی پێدا بوو کە شووی پێ بکات، ئەو کوڕە کە تا ئێستا نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دۆلاری لێسەندووە و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردووە ئەگەر بەردەوام نەبێت ئەوا بە کوشتی دەدات و دەچێتە سەر ماڵیان هەرچییەك هەبووە هەمووی دەدرکێنی، دەربارەی پێوەندییەکەیان (ە،ع) دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك بە یەك گەیشتن لەنێوانماندا نەبووە و تەنیا بە قسەکردن پێوەندیمان هەبووە، دوای لێکۆڵینەوە دادوەر بڕیاری بەند کردنی داوە.



# بە هەڵە هاوڕێیەکەی خۆ کوشت

بەڕێوەبەرێی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کەوا گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵان لە نزیك گوندی تورەق لە لایەن هاوڕێیەکی خۆی بریندار دەکرێت و دواتر گیانی لە دەستداوە

بەپێی زانیاریەکان ئەم گەنجە بەناوی (م،ح) کە کاسبە لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (ش،م) کە تەمەنی ٢٥ ساڵە دەمانچەیەکیان پێ بووە، دواتر بە هەڵە گوللەیەکی لە دەستی دەرچووە و بەر هاوڕێیەکەی کەوتەوە، دواتر گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر، دوای لێکۆڵینەوە تاوانبار دانی بە تاوانەکەی خۆی دا نا و بەپێی ماددەی ٤١٦ لەلایەن دادوەرەوە بەند کراوە.



## لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا لە زیندان خۆی خنکاند

دهۆك/ یەکێك لە ڕووداوە دڵتەزێنەکان کە ئـەم هەفتەیە ڕوویـدا خۆخنکاندنی کەسێك بوو لە بەندیخانەی زرکا بە کراسی خۆی دوای ئەوەی نەیتوانی بەرگەی ئەو تاوانە بگرێت کە پێی تۆمەتبار کرابوو.

لەم بارەیەوە عەقیـد فەخری ئەحمەد بەڕێوەبـەری نەهێشـتنی تـاوان لـە دهۆك رایگەیاند کە لـە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٤ کەسـێکی تەمەن ٣٧ سـاڵ لە بەندیخانەی زرکا خۆی لە سێدارەدا بەهۆی کراسەکەیەوە.

عەقید فەخری ئەوەشـی ئاشکرا کرد ئەو کەسـە بەئەنجامدانی چەند دزییەك سزا درابوو، بەڵام نەیتوانی بەرگەی ئەو هەمـوو تۆمەتانە بگرێـت، بۆیە چۆتە ژوورێکی تەنیاو بەکراسـەکەیەوە خۆی بەپانکەی ژوورەکە هەڵواسـی و دواتریش گیانی لە دەستدا.



## لە ڕووداوێکدا پێنج هاووڵاتی گیانیان لە دەستدا

دهۆك/ لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا کە هۆکارەکەی خێرا لێخوڕین و پابەند نەبوون بوو بە ڕێنماییەکانەوە، لەسەر ڕێگای سەرەکی دهۆك- شێخان دوو ئۆتۆمبیل بەر یەککەوتن و کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە.

بەپێـی لێدوانەکانی ملازمی مافپـەروەر ئازاد تەها بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی هاتوچۆی دهۆك، ڕۆژی پێنجشـەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٣ لەسەر ڕێگای سـەرەکی دهۆك- شێخان دوو ئۆتۆمبێل بەر یەککەوتن و لە ئەنجامـدا پێنج هاووڵاتی گیانیان لە دەسـتداو دوو هاووڵاتیش برینـدار بوون، ئازاد تەها ئەوەشـی ئاشکرا کرد یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکان بـار هەڵگر بوو ئەویتریش سـاڵۆن و ڕووداوەکە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و خەمساردی ئۆتۆمبیلە بـار هەڵگرەکە بووە کـە ئەویش یەکێـك بووە لە قوربانیـەکان، بەڵام تا ئێسـتا هیچ کەسـێك لەم ڕووداوەدا تاوانبار نەکراوە..

## بە هۆکارێکی نادیارەوە گەنجێک کۆتایی بە ژیانی هات

لە گەڕەکـی پێنجی حەسـارۆکی شـاری هەولێر گەنجێکـی تەمەن ٢٠ ساڵ کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، بەڵام تا ئێستا هۆکاری خۆ کوشتنەکەی دیار نییە.

سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند: لە گەڕەکی پێنجی حەسارۆك گەنجێکی تەمەن٢٠ سـاڵ بە نـاوی (ە،ش) بە دەمانچە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، هەر سـەبارەت بـەم رووداوە (یئ،ص) ی هاوسـەری گەنجەکـە وتـی: کە هاوسەرەکەم هاتەوە ماڵ دەمانچەیەکی لابوو ئەوەش یەکەمجار بوو دەمانچەی لەدەست ببینم کە لێم پرسی، وتی کڕیومە و هەردەسـتکاری دەکـرد یەکەمجار خسـتیە سەر سـەری من بە گاڵتە و پێکەنینەوە وتی: بتکوژم پاشان چوومە ژووری خۆم بۆ ئەوەی جلوبەرگم بگۆڕم گوێم لە دەنگـی تەقەی دەمانچە بوو بینیم خۆی کوشـتووە» دوای پشکنین و هێڵکاری پۆلیس لە شوێنی رووداوەکە دەرکەوت کە ئەو گەنجەخۆی کوشتووە و دەمانچەکە دەستی بەسـەردا گیراوە نێردراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشـتنی تاوان.



# گەر دەتەوێت هاوسەرەکەت بگۆڕی، خۆت بگۆڕە؟



ئا: محەمەد ئەحمەد

**ئەگەر تۆی خانم نیازت هەیە هاوسەرەکەت بەرەو باشی بگۆڕێت، وەکو زاناو پسپۆڕان وتوویانە، کارێکی ئاسان نییە. ئەوان دەڵێن دەبێت ئێمە، سەرەتا کاربکەین بۆ گۆڕینی خۆمان، ئینجا هەوڵی گۆڕانکاری لە خەڵکانی دیکەدا بدەین و ئەمەش پێویستی بە پشوو درێژی هەیە. بەڵام دەروونناسان دەڵێن: ژن تێدەکۆشێت و ماندوو نابێت و بێئومێد نابێت، هەمیشە لەکاردایە بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو بۆئەوەی ستایڵ و جۆری بیرکردنەوەی مێردەکەی بەرامبەر بەژیان بگۆڕێت.**

دکتۆر «جۆن» ئەم شێوازە شیاوانەی بۆ ئامادەکردویت کە پیاوەکەت بەرەو باشتر هەنگاو بنێت و گەشە بسەنێت، بەمەرجێك ژن ئەم خاڵە گرنگانە ڕەچاو بکات: هەنگاوەکان تا رادەیەك دژوارن کە کاتێك پیاوەکەت، پەشێوو ماندووە. بۆئەوەی بەڕاستەوخۆیی هەست نەکات کە تۆ دەتەوێت بیگۆڕیت. هەوڵیش مەدە کە تۆ وەکو مامۆستایەك مامەڵەی بکەیت، بەپێچەوانەوە خۆشەویستی زیاتری بدەرێ وپشتی بگرەو کرداری ئەو بەڕاستەوخۆیی رەت مەکەرەوە. بەبێ داخوازی ئەو لەخۆتەوە هیچ ڕاوێژکارییەکی مەدەرێ، چونکە هەست دەکات ئەو جێی متمانە نییەو کارەکانی بەدڵی تۆ نییە.

ئاگاداربە، ئەگەر ئەو هەر لەسەر خووخدەی خۆی بەردەوام بوو، ئەو گۆڕانکارییانەی بەدڵنەبوو، ئەوا دەترسێت دان بەهەڵەکانیدا بنێت و دەزانێت کە بێزراوە. قوربانی زۆرتر بدەو نەرمونیان بە، داوای تەنازول لەو مەکەو زۆری لێمەکە. ئارام بگرەو کات بدە بەخۆت. ناڕاستەخۆ کرداری هەڵە رەتبکەرەوەو پێی مەڵێ ئەم کردارەی تۆ هەڵەیە.

لەجیاتی ئەو بڕیارمەدە، مەیەڵە هەست بکات کە تۆ ئامۆژگاری ئەوەی دەکەیت کە دەتەوێت بیگۆڕیت. بواری دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵدا زیاتر بکەو هێمنتربە لەجاران. راستگۆبە لەجاران و بەزۆر تێی مەگەیەنە کە تۆ دەتەوێت بیگۆڕیت بۆ باشتر. ئارام و پشوو درێژتربە لەجاران.

داخوازییەکانت کەمتر بکەرەوە لەجاران و پشت بەخۆت زیاتر ببەستە، تووڕەییەکەت بشارەوە هەتا ئەو ماوەیەی دەتەوێت بۆ گۆڕانکارییەکە تەرخانی بکەیت. بەختەوەرترو دەم بەپێکەنینتر لەجاران رەفتار بنوێنە. بەشداری هەموو حاڵەتەکانی بکەو زۆری لێمەکە کە ئەویش بەشداری تۆ بکات. هیچ پلارێك یان قسەیەکی ناشرینی لەگەڵدا مەنوێنە لەبارەی هیچ رەفتار یان کردەوەیەکی ئەوەوە. هەوڵبدە سنگت فراوانتر بیت و لێبوردەبیت بۆئەوەی ئەویش گوێت لێبگرێت و پڕۆژەی گۆڕانکارییەکەت لێ قبوڵ بکات!

# ئایا ئافرەت تەنیا بۆ پیاو خۆی دەڕازێنێتەوە ....؟

***

**یەکێك لەتایبەتمەندێتی مێینە واتە ئافرەتان ئەوەیە کە بەردەوام ئارەزووی ئەوە دەکەن گرینگی بەجوانی و ناسکی خۆیان بدەن و هەمیشە وەك و گوڵ گەشاوە بن نەوەك خۆ جوان کردنیان بۆ سەرنج راکیشانی پیاوبێت.**

***



**پێویستە ئافرەت بۆ هەموو کۆمەڵگا جوان بێت**

شەهێن ئیبراهیم کچێکی تەمەن ٢٢ساڵەیە و زۆر ئارەزووی خۆ جوان کردن و خۆ دەرخست دەکات و پێیوایە جوانی ئەو هیچ بۆ ئەوە نییە کەبۆ پیاو خۆی دەربخات بە جوانی بەڵکو بە پێویستی دەزانێت ئافرەت بۆ هەموو کۆمەڵگا خۆی دەربخات کە چەندە جوانە و ناسکە ئەو کچە دەڵێت» لە هەموو هەفتەیەك جارێك سەردانی ئارایشگا دەکەم بۆ گرینگی دان بە جوانی و روخسارم بۆیە بە پێویستیشی دەزانم بە گوێرەی پێویست هەموو کچێك گرینگی بەجوانی خۆی بدات «

**حەزدەکەم زۆر سەرنج راکێش بم**

هەتاو رۆستەم ئەو کچێکی خوێندکارە لە کۆلێژی جیهان دەڵێت» بەیانیان بەبێ ئاریشت کردن و خۆ ڕازاندنەوە نەدەچوومە دەوام چونکە ئەو جوانییەی خوای گەورە بە منی بەخشیوە پێویستە منیش گرینگی پێبدەم و پارێزگاری لە جوانی روخسارم بکەم ڕاستە زۆر جار بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری منن جوانتر و سەرنج راکێشتر بم بەڵام هەرگیز رۆژێك بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە من بۆ کوڕ یاخود بۆ پیاو خۆم جوان بکەم»

**حەزدەکەم دایك و خوشکم بە جوانی دەربکەون**

محەمەد شکور کوڕێکی گەنجی تەمەن ٢٥ساڵە و دەرچووی پەیمانگای تەکنیکیەو دەڵێت» ئەگەر ببینم کچێك گرینگی بە جل و بەرگی و ڕوخساری و کەلوپەلی جوانکاری دابێت وا هەست دەکەم ئەو بۆ کاروباریشی لە ژیان سەرکەوتووە و کچێکی متمانە بەخۆیە، بۆیە من بەردەوام کەسێکم حەزدەکەم دایکم و خوشکەکانیشم کە دەچنە دەرەوە بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك لە پێش چاوی خەڵك دەربکەون «

**جوانی ئافرەت واتە زۆر بوونی متمانە**

چرۆئیسماعیل خاوەن ئاڕایشگای رۆنیاز باس لە جوانی ئافرەت دەکات کە پێیوایە ئافرەت پێویستە وەکو سروشتی دونیا بە جوانی بمێنتەوە،چونکە لەگەڵ سروشتی دەروونی دروست بووە و دەڵێت» هەرگیز خۆ جوانکردنی ئافرەت پێوەندی بە پیاو نییە، چونکە هەر کاتێك ئافرەت خۆی جوان دەکات و سەیری ئاوێنە دەکات بڕوابە خۆ بوونی زۆر دەبێت. هەروەها لایەنی دەروونی ئارام دەبێتەوە بێجگە لەوە ئەی باشە پیاوەکان بۆچی خۆیان جوان دەکەن ئایا مەبەستەکەیان بەس ئافرەتە؟ نەخێر مەبەستیان بەس ئافرەت نییە چونکە پێویستە گرینگی بەخۆیان بدەن و ستایلی خۆیان بگۆڕن. ئەگەر لەسەر یەك شێوە بمێنیتەوە بێزار دەبێت وەکو ئەوەی کەلوپەلی ناوماڵ چۆن پێویستی بە گۆڕین هەیە مرۆڤیش بەو جۆرە پێویستی بە گۆڕینی ستایلی روخسارو قژی و جل و بەرگی هەیە»

# دەکرێ زڕدایک جێگای دایک بگرێتەوە؟

**جیهانی منداڵ جیهانێکی ناسك،بێگەرد، سپی،جیهانی بەشێکی گەورە لە مرۆڤەکانی گەردوون و نێو کایەی کۆمەڵگە، منداڵ دەیەوێت جیهانە تایبەتییەکەی بە سرووشتی خۆی بمێنێتەوە و مرۆڤە بە ویژدان و خاوەن پەیامە مرۆڤایەتییەکانیش لەخزمەتی جوانکردنی ئەو جیهانەدادەبن، بەڵام هەندێك جار و لەناو هەندێك لە خێزانەکان ئیرەیی دەبێتە چەکی دەستی بەشێك لە دایکان بەهۆیەوە ژیان و جیهانی منداڵ تووشی هەڕەشەی تێکدان دەبێتەوەو جەستەی منداڵیش بەر هەڕەشەی لێدان دەکەوێت، بابزانین زڕدایکەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵی هاوسەرەکانیاندا دەکەن..**

### «خەمۆکی منداڵەکە»

زۆربەی رۆژەکان ئاشنا بە غەمباری دەبینم کاتێك دەچێت بۆ قوتابخانە و بەزەییم پێیدا دێتەوە،ئەمە وتەی فاتیمە سەعید ئەحمەدی دراوسێی ئەو «ئاشنا»یەیە کە دایکی خۆی بە کارەساتی ئوتۆمبێل گیانی لەدەستداوە و باوکی ژنی دووەمی هێناوەتەوەو بۆتە زڕدایکی، فاتیمە وتیشی بەهۆی ئەو کچەمەوە کەلەگەڵ ئاشنا لە قوتابخانەیە دەزانم کە زڕدایکەکەی چەندە لەگەڵ ئاشنا مامەڵەی خراپە و لەهەمانکاتیشدا لەدەرەوە واخۆی دەردەخات کە ئاشنا تاقە خۆشەویستەکەی ئەوە.

### زاڵبوون بەسەر دەروونی کەسی ئازای دەوێت

ساوێن کەریم جەبار کە لەسەر داوای خۆی ناوەکەیمان بەخوازراوی نووسیوە و شووی کردووە بە پیاوێك کە لە ژنەکەی پێشووی کوڕێکی بۆ بەجێهێشتووە بە راشکاویی وتی کە زەحمەتە بتوانم وەکو ئەو منداڵە لە ئامێزی بگرم و نازی بکێشم کە لەخۆم دەبێت، ئەمەش شتێکی خۆنەویستە و ناتوانم بەسەرخۆمدا زاڵبم کە وەکو دایکی خۆی وابم لەگەڵیدا، هەروەها وتیشی پێشتر قەناعەتم وابوو کە وەکو منداڵی خۆم هەست و نەستم دەبێت بەرامبەری بەڵام لەراستیدا ئەنجامەکەی وانەبوو.

### رۆشنبیریی و ویژدان زڕدایك دەکەنەوە بە دایك

لەوانەیە کەمێك قورس بێت مامەڵەکردنی دایکێك لەگەڵ منداڵێکدا کە لەجەستە و خوێنی خۆی نییە بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نەتوانێت تەواو ئەو مافانەی بداتێ کە دەیدات بە منداڵەکەی خۆی، ئەمە وتەی مامۆستای کۆمەڵایەتی کۆچەر محەمەد دەروێش بوو، بۆچوونیشی وابوو کە هەر زڕدایکێك لەخوابترسێت و خاوەنی رۆشنبیریی و کەسایەتی و ویژدانی زیندوو بێت دەتوانێت بەشێوەیەك مامەڵە بکات کە منداڵەکە هەست بەوە نەکات دایکی خۆی لەدەست داوە.

### پیاو لە مەیدانی خۆیدا دەردەکەوێت

من کە ژنی دووەمم هێنایەوە پێموت تۆ شوو بە من و بە منداڵەکەشم دەکەیت بەو مەرجەی منیش هاوسەرێکی بەوەفابم بۆت، ئەمە وتەی کاردۆ رۆستەم محەمەد بوو کە خاوەنی یەك منداڵ بوو لە ژنی یەکەمی و بەهۆی نەخۆشیەوە ژنەکەی لەدەستدابوو، باوەڕی وابوو کە رۆڵی پیاویش لەمەسەلەی چۆنییەتی مامەڵەی زڕدایك لەگەڵ منداڵدا زۆر گرنگ و بایەخی خۆی هەیە ئەویش بەوە دەبێت پیاو بزانێت چۆن دەچێتە دڵی ژنەکەیەوە بەوەی بۆشایی و کەمتەرخەمیی خۆشەویستی بۆ ژن دروستنەکات تاکو ئەویش لەجەستەی منداڵەکەیدا قەرەبووی بکاتەوە بە خراپە.



ئا/ئەمەل محەمەد جەلال